الإمام المحدث أبو ذكريا يحيى بن شرف النواوي الشافعي

(٦٣١ - ٦٧٦)

ڕوونکردنەوە و شەرحی

# ئەربەعینەی ئیمامی نەوەوی

## چل حەدیسەکەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

ناسراو بە:

(اَلأَرْبَعِينَ النَّوَوِيَّة)

دانانی:

مامۆستا مەلا «عبداللّٰه عبدالعزیز» هەرتەڵ

انتشارات کردستان

سنه

www.ketab.ir

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | ه[illegible]، عبدالله عبدالعزیز |
| عنوان و نام پدیدآور | : | روونکردنه‌وه‌ی چل حه‌دیسی پیغه‌مبه‌ر : ناسراوبه(الاربعین النوویة) للامام النواوی. |
| مشخصات نشر | : | سنندج : انتشارات کردستان، ۱۳۹۵. |
| مشخصات ظاهری | : | ۲۱٦ص. |
| شابک | : | ۹۷۸-۹٦٤-۹۸۰-۲۱۲-۱ |
| وضعیت‌فهرست‌نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | محمد (ص)، پیامبر اسلام، -- احادیث |
| موضوع | : | اربعینات -- قرن ۱۴ |
| رده بندی کنگره | : | BP۱۴۳/۹/ه۴ر۹ ۱۳۹۳ |
| رده بندی دیویی | : | ۲۹۷/۲۱۸ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۳۵۴۹۰۷۶ |


www.ketab.ir

انتشارات کردستان

سنە، پاساژی عیزەتی، تەلەفوون: ٣٣١٦٥٣٨٢ ـ ٨٧ ـ ٩٨+

# ڕوونکردنەوە و شەرحی ئەربەعینەی ئیمامی نەوەوی

ناوی کتێب (نام کتاب): ڕوونکردنەوەو شەرحی ئەربەعینەی نەوەوی

دانان (تألیف): امام ابو زكريا يحيى بن شرف النواوي

ڕوونکردنەوە (ترجمە و شرح): عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی

کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ): یەکەم (اول) ١٣٩٦ = ٢٠١٧

ژمارەی لاپەڕە (تعداد صفحات): ٢١٦ لاپەڕەی مامناوەندی (رقعی)

ژمارەی چاپکراو (تیراژ): ١٠٠٠ بەرگ (جلد)

بڵاوکەرەوە (ناشر): بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)

شابك: ٩٧٨-٩٦٤-٩٨٠-٢١٢-١

نرخ (قیمت): ٨,٠٠٠ تومان - ٣٠٠٠ دینار

www.ketab.ir

# ناوەڕۆك


«پێناسەی ئیمامی (النواوی)» ........ ٩
«پێشەکیی ئیمامی (النواوی)» ........ ١١
چەند زانستێکی حەدیس ........ ٢٠
حەدیسی یەکەم: بێگەردی لە خواپەرستندا ........ ٢٢
حەدیسی دووەم: پلەکانی ئایین: ئیسلام، ئیمان، چاکە ........ ٢٨
حەدیسی سێیەم: پێنج ڕوکنەکانی ئیسلام (بناغە) ........ ٤١
حەدیسی چوارەم: قۆناغەکانی دروستبوونی ئادەمیزاد ........ ٤٥
حەدیسی پێنجەم: نەکردنی بیدعە ........ ٥٢
حەدیسی شەشەم: حەڵاڵ و حەرام و خۆپاراستن لە حەرام ........ ٥٦
حەدیسی حەفتەم: ئامۆژگاری ........ ٦٢
حەدیسی هەشتەم: نهێنی ناو دڵ لە سەر خودایە ........ ٦٤
حەدیسی نۆیەم: بەجێهێنانی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ........ ٦٨
حەدیسی دەیەم: هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی حەڵاڵ ........ ٧٣
حەدیسی یازدەهەم: وازهێنان لە گومانلێکراو ........ ٧٨
حەدیسی دوازدەهەم: نەکردنی شتی بێسوود ........ ٨٢
حەدیسی سێزدەهەم: برایەتیی ئیسلام ........ ٨٤
حەدیسی چواردەهەم: کوشتنی موسوڵمان حەرامە ........ ٨٦
حەدیسی پازدەهەم: ڕەوشتەکانی مرۆڤی ئیماندار ........ ٩٠
حەدیسی شازدەهەم: دەربارەی توورەیی ........ ٩٤
حەدیسی حەڤدەهەم: ڕێکوپێککردنی کردار ........ ٩٧
حەدیسی هەژدەهەم: ترسان لە خوا و ڕەوشت جوانی ........ ١٠٠


www.ketab.ir

حەدیسی نۆزدەهەم: پاراستنی مافی خوا و بیروباوەڕ ........ ١٠٤

حەدیسی بیستەم: دەربارەی شەرم کردن ........ ١١١

حەدیسی بیست و یەکەم: باوەڕهێنان و بەردەوامبوون لەسەر باوەڕ ........ ١١٤

ئەو شتەی ئەبێتە هۆی چوونە بەهەشت ........ ١١٧

حەدیسی بیست وسێیەم: کۆمەڵێك لە چاکەکان ........ ١٢١

خوا پێویستی بە هیچ شتێك نییە ........ ١٢٥

حەدیسی بیست و پێنجەم: جۆری چاکەکردن زۆرن ........ ١٣٣

حەدیسی بیست و شەشەم: هەموو کەسێك خێرێکی لە سەرە ........ ١٣٩

حەدیسی بیست و حەفتەم: چاکەو خراپە ........ ١٤٢

ئامۆژگاریی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆ سەحابەکان ........ ١٤٧

حەدیسی بیست و نۆیەم: ڕێگای بەهەشت زۆرن ........ ١٥٤

حەدیسی سییەم: فەرمانە قەدەغەکراوەکانی خوا ........ ١٦١

حەدیسی سی و یەکەم: وازهێنان لە دونیا ........ ١٦٥

حەدیسی سی و دووەم: زیان لە ئیسلامدا نییە ........ ١٦٨

حەدیسی سی و سێیەم: چۆنیەتی دادکردن ........ ١٧١

حەدیسی سی و چوارەم: لابردنی بێشەرعی ........ ١٧٤

حەدیسی سی و پێنجەم: مافی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان ........ ١٨٠

حەدیسی سی و شەشەم: چاکە لەگەڵ خەڵك و، خوێندنی قورئان ........ ١٨٥

حەدیسی سی و حەفتەم: چاکە یەك بە دە تا حەفتسەد ........ ١٩١

حەدیسی سی و هەشتەم: دۆستایەتی خوای گەورە ........ ١٩٥

حەدیسی سی و نۆیەم: لابردنی گوناهی چەند کەسێك ........ ٢٠٠

حەدیسی چلەم: خۆ ئامادەکردن بۆ مردن ........ ٢٠٣

حەدیسی چل و یەکەم: شوێنکەوتنی ئەوەی پێغەمبەر هێناویەتی ........ ٢٠٧

حەدیسی چل و دووەم: لێخۆشبوونی خوا گەلێك زۆرە ........ ٢١١

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلَى سَيِّدنا مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين.

ئینجا له دوای سوپاسی خودا و درووود له سه‌ر پێغه‌مبه‌ر ﷺ، ئه‌ی موسوڵمانی به‌ڕێز: هه‌روه‌ك ئاشكرایه دوژمنانی ئیسلام به هه‌موو جۆرێك ئه‌یانه‌وێ لاوه‌كانمان له ئایینی ئیسلام دوور بخه‌نه‌وه و له ڕه‌وشتی باش بێبه‌شیان بكه‌ن:

جارێك به زۆرنا لێدانی كۆنه‌په‌رستی، جارێك به ده‌هۆڵ لێدانی ماف نه‌دانی ئافره‌ت و دان نه‌هێنانیان به مافی نه‌ته‌وایه‌تی، به‌م جۆره ژه‌هر ئه‌كه‌نه ناو هه‌نگوین و ده‌رخواردی لاوی كوردی ئه‌ده‌ن و ئه‌یكه‌نه دوژمنی ئیسلام.

به‌ڵام سوپاس بۆ خوای گه‌وره وا به چاوی خۆمان ئه‌بینین به‌چكه شێرانی سه‌لاحه‌ددینی ئه‌یوبی ئه‌م ژه‌هره‌یان دۆزیه‌وه و زانییان سه‌ركه‌وتن و پێشكه‌وتن و ڕزگاریی كوردستان هه‌ر به ده‌ست پێوه‌گرتنی ئایینی ئیسلام ئه‌بێ، چونكه كوردستانێك: میوانداری (حه‌زره‌تی نوح پێغه‌مبه‌ری عليه السلام) كردبێ و پێغه‌مبه‌رێكی وه‌ك (حه‌زره‌تی ئیبراهیم خه‌لیلی بتشكێنی عليه السلام) گه‌وره كردبێ و پاڵه‌وانێكی وه‌ك (سه‌لاحه‌ددینی ئه‌یوبی)ی لێ هه‌ڵكه‌وتبێ، چۆن دوژمنانی ئیسلام ڕێگه ئه‌ده‌ن ڕزگار ببێ و ببێته‌وه یه‌ك پارچه و سه‌ربه‌خۆ بێ؟.

ئینجا له به‌ر ئه‌وه‌ی هه‌ستێكی ئایینی زۆر گه‌رم له ناو لاوه‌كانی

www.ketab.ir

کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و زۆربەی مزگەوتەکانی کوردستان قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەری خۆشەویستی ﷺ تێدا ئەخوێندرێ، وە بۆ ئەوەی منیش لە کاروانی ئەم لاوانە بەشدار بم، بڕیارم دا: ئەو چل حەدیسەی ئیمامی (نەواوی) کۆی کردۆتەوە و ناسراوە بە (ئەربەعینەی نەواوی)، بە زمانی کوردی ڕوونی بکەمەوە و چۆنیەتی ڕوون کردنەوەم بەم شێوەیە بێ:

پێناسەی ئەو شتانەی تێدا بێ: کە پێویستن، وەك سەحابەو زانایانی حەدیس... هتد هەروەها: وشە و ڕستەکان وەربگێڕم و مەبەستەکەش دیاری بکەم و بڕیاری شەریعەتی ئیسلام لەو بابەتە چییە؟ بینووسم.

ئینجا ئەی موسڵمانی بەڕێز: ئەگەر لە شتێکدا کە من نووسیومە گومانت لێ پەیدا بوو، بۆ ئەوەی دڵنیابێ تەماشای کتێبی (فتح المبين) بکە کە شەرحی (ئەربەعینی نەواوییە) لەگەڵ حاشیەی (المدابغي) کە لەگەڵیدایە، هەروەها تەماشای (تحفة المحتاج) بکە، کە شەرحی (منهاج)ی نەواوییە، لەگەڵ حاشیەی (الشرواني) کە لەگەڵیدایە، چونکە بە زۆری زانستی ئەم ڕوونکردنەوەم لەم سەرچاوانە هەڵێنجاوە، ئیتر دوعام بۆ بکە خوا یارمەتیم بدا بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام، وە ئەگەر کەموکووڕییەکت بینی، یان هەڵەیەکت بەرچاوکەوت، بۆم ڕاست بکەوە، خوا پاداشتت بنووسێ، خوا یاریدەدەری هەمووومان بێ، ئامین.

عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی

مانگی مەولوودی پێغەمبەر ﷺ ساڵی (١٤١٣)ی کۆچی

هەولێر ـ کوردستان

www.ketab.ir